# زاراوە كوردييەكان ڕزگار بكەن، زاراوەی فەيلی وەک نموونەيەک

**فەهمی كاكەيی**
fahmikakaee@yahoo.se

زمان لە دايک دەبێت و هێندەی بەكاربهێنرێت دەژی، بەڵام زمان بە تايبەت زمانە بچووكەكان دوچاری مردنيش دەبن، جا ئەگەر ئەمە حاڵی زمان بێت ئەی زاراوەكان چی؟ زاراوەكان زياتر لە زمان مەترسيی مردنيان لە سەرە، بە تايبەت زاراوە بچووكە ناوچەييەكان كە بە زمانی فەرمی ناناسرێن، بۆيە نە زمانی فێرگە و نە زمانی دامودەزگای دەوڵەت و نە زمانی ڕاگەياندنن.

زمانە نوێيەكان لە سكی زمانێكی دييەوە لە دايک دەبن كە دەكرێت پێی بگوترێت (زمانی دايک)، بۆ ڕوونكردنەوە: زمانەكانی سوێدی، نەرويژی، دانماركی، ئايسلەندی و فيری(1) زمانگەلێكن لە سكی يەک زمانەوە لە دايک بوون، ئەويش باكووريی كۆنە، بە لەداكبوونی ئەم زمانانەش چەند نەتەوەيەكی نوێ لە دايک بوون، ئێستا هەر زمانێک لەم زمانانە هی نەتەوەيەكی سەربەخۆن. ئەمە زەنگێكی مەترسيدارە بۆ ئێمەی كورد، چونكە ئەگەر ئێمە بڕياری دەستنيشانكردن و بەكارهێنانی زمانێكی فەرمی نەدەين كە ببێتە زمانی خوێندن و دەوڵەت و ڕاگەياندنی فەرمی و سەربەخۆ ئەوە لە داهاتوودا ترسی لێكترازانی نەتەوەی كورد بۆ چەند نەتەوەيەک هەيە، بەڵام لەم گوتارەدا بە تەما نين باسی زمانی يەكگرتوو بكەين.

هەر وەک پێشتر گوتمان دەشێ زمان بمرێت، بە تايبەتی ئەگەر زمانێكی ديكە تەنگی پێ هەڵچنی، هەنگين بەكارهێنانی ئەو زمانە لە لايەن خەڵكەوە كەمتر و كەمتر دەبێت و بە مردنی دواكەس كە زمانەكە دەزانێت ئيدی ئەو زمانەش دەمرێت، بۆ نموونە:

زمانی كۆرنی لە لايەن دانيشتووانی ناوچەی (كۆرنوال) لە باشووری ئينگلتەرا بەكار دەهێنرا، بەڵام زمانی ئينگليزی تەنگی پێ هەڵچنی و نەختە نەختە خەڵک وازيان لێ هێناو و دەستيان كرد بە بەكارهێنانی ئينگليزی تاكوو بتوانين لەگەڵ تەواوی دانيشتووانی ئينگلتەرا لێک تێبگەن. دواكەس كە بەم زمانە قسەی دەكرد پيرەژنێک بوو بە ناوی (دۆللی پينتڕايث) كە لە 22ی مانگی ديسامبەری 1777 لە تەمەنی 102 ساڵيدا مرد، بە مردنی ئەويش زمانی كۆرنی مرد.(2)




زۆر زەحمەتە بگوترێت چەند زمان لە جيهاندا هەيە، بەڵام دەكرێت بە شەش هەزار زمان بخەمڵێنرێت، ئەويش بە هۆی ئەوەوە كە جوداكردنەوەی زمان لە زاراوە كارێكی هێندە ئاسان نييە، بۆ ئەوەی نەكەوينە ناو ئەو وردەكارييانەوە دەڵێين زاراوەكانی زمانێک شێوەی ئاخاوتنی جۆربەجۆری كەسانێكن كە لە بنەڕەتدا يەک زمانيان هەيە، بۆ نموونە ئاخاوتنی خەڵكی بەسرە و خەڵكی موسڵ وەک يەک نين، يان زاراوەی شامی و زاراوەی ميسری و بەغدايی لێک جودان، بەم شێوەيە دەكرێت بگوترێت سەدان زاراوەی عەرەبی هەنە. ئەمە بۆ عەرەب چ گرفتێكی نەخوڵقاندووە، ئەوان لە لايەكەوە زاراوە لێكيان جودا دەكاتەوە بەڵام لە لايەكی ديكەوە زمانی قورئان كە عەرەبيی فوسحايە بە يەكەوە گرێيان دەدات، كەواتە زمانێكی هاوبەشيان هەيە كە بە هۆی ئەو زمانەوە لێک تێبگەن، بەڵام ئەمە بۆ زمانی كوردی چۆنە؟

زاراوە كوردييەكان لە ڕووی زانستی زمانەوانی و جوگرافياييەوە بە چەند شێوەيەک دابەشكراون، ئێمە لەم گوتارەدا پشت بە دابەشكردنەكەی ئايەتوڵڵا شێخ مەحەممەد مردوخی كوردستانی دەبەستين و كتێبی مێژووی كورد و كوردستان(3) وەک سەرچاوە بە كار دەهێنين، كە بەم شێوەيە زاراوەكان دابەش دەكات:

1. كرمانجی
2. گۆرانی
3. لوڕی
4. كەلهوڕی

ئەم دابەشكردنە لەگەڵ دابەشكردنەكەی مێژوونووسی كورد مير شەرەفخانی بەدليسی(1543- 1603)ش، يەكدەگرێتەوە(4). لە ڕاستيدا ئەم دابەشكردنە زاراوە كوردييەكان دەكاتە چوار كۆمەڵە زاراوە، بۆ نموونە كۆمەڵەی زاراوە كرمانجييەكان دەبێتە دوو بەشەوە: كرمانجيی سەروو لەگەڵ كرمانجيی خواروو، ئينجا كرمانجيی سەروو بە خۆيشی لە چەند زاراوەيەكی ناوچەيی پێک دێت، ئەمە بۆ كرمانجيی خواروو هەروەها بۆ كۆمەڵە زاراوەكانی ديكەش هەر وايە.

گرنگە بێژين زۆر جار مرۆڤی كوردی زاراوەجودا لەگەڵ يەكدی تووشی گرفتی لێک تێگەيشتن دەبن، زانينی گشت زاراوەكانيش نەكردەنييە. لێ فێربوونی زاراوە گەورەكان هێندە كارێكی سەخت نييە ئەگەر بارودۆخی بابەتی و حەز و ويست لە لای تاكی كورد ئامادەگييان هەبێت. زۆر جار وا هەڵدەكەوێت ئەو كوردانەی چەند زاراوەيەكی كوردی دەزانن ئەوانەن كە زاراوەی زكماكيان زاراوەيەكی بچووكە. لە گوتارێكی

وا کورتدا بواری ئەوەمان نابێت بە وردی باس لە تایبەتمەندییەکانی زاراوە کوردییەکان بکەین، بەڵام دەتوانم بڵێم کوردێکی هەورامی و کوردێکی کرمانج ئەگەر هەر یەکەو بە زاراوەی خۆی قسان بکات گەلێک بە سەختی لە یەک حاڵی دەبن یان هەر بە جارێک لە یەکدی تێناگەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەندیواری نەتەوەییان هەر یەکە، ئەمە هەستی خاوەن زاراوە کوردییە جوداکانە.

بەڵام ئێمە چۆن دەتوانین لە لایەکەوە بانگەشە بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی بکەین و لە لایەکی دیکەوە داوای گرنگیدان بە زاراوە جوداکان بکەین؟ ئایا لێگەڕێین زاراوە گەورەکان یان بە لای کەمەوە زاراوەیەکی گەورە تەنگ بەوانی دیکی هەڵچنێت و خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت و لە دوایشدا زاراوە بچووکەکان خۆیان لە گۆڕستانی زماندا ببیننەوە؟ وەڵام: بێگومان بە پێچەوانەوە، چونکە زاراوەکانی دیکە وەک چڵ و پۆ وان، داریش بێ چڵ و پۆ ناژیت. باشە ئەی چی بکەین، ئایا هێندەی گرنگی بە زاراوە گەورەکان دەدەین هێندەش گرنگی بە زاراوە بچووکەکان بدەین؟ ئایا لێگەڕێین منداڵانمان بە زاوەی خۆیان بخوێنن و پاشانیش هەر زاراوەیەک ببێتە زمانێکی سەربەخۆ؟ ئێمە کە کتێبێکی پیرۆزی ئایینیمان نییە کتێبی زۆرینە بێت و زمانی ئەو کتێبە بکەینە زمانی یەکگرتوو؟

بوونی کتێبێکی پیرۆز بە زمانی نەتەوە مەرجێکی گرنگە بۆ یەکخستنی زمان، هەروەک بۆ زمانی عەرەبی هەڵکەوتووە. بەم پێیە کرمانجیی سەروو کە زاراوەی ڕێژەیەکی گەورەی کوردە واش نەبووایە دیسان ئەگەری بەردەوامیی ئەم زاراوەیە لە زاراوەکانی دیکە زیاترە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کتێبی پیرۆزی ئایینی ئێزیدی بەو زاراوەیە نووسراوە، ئەم بۆچوونە بۆ زاراوەی (ماچۆ)یش کە لە کۆمەڵەی زاراوەکانی (گۆرانی)یە ڕاستە، چونکە کتێبە پیرۆزەکانی ئایینی کاکەیی بەم زاراوەیە نووسراون و ڕێوڕەسمی ئەم ئایینە بەم زاراوەیە بەڕێوە دەچێت، بەرامبەر بەمە دەبینین زاراوەی (زەنگنە) کە نزیکی (ماچۆ)یە چونکە قسەکەرانی موسڵمانن نەختە نەختە ڕوو لە نەمان دەچێت و خەڵکەکەی زیاتر بە کرمانجیی خواروو قسە دەکەن، ئەمڕۆکە بە دەگمەن دەبینی کەسێک بە زاراوەی زەنگنە قسە بکات مەگەر پیرەمێردەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین ئەمە مەترسییەکی گەورە نییە، چونکە زاراوەی دیکە هەیە لەم زاراوەیەوە نزیکن و هۆکاری بەردەوامییان تێدا هەیە، وەک: هەورامی، ماچۆ، شێخانی، باجەڵانی، شەبەکیی کوردی و زاراوەی دیکەی سەر بە کۆمەڵەی زاراوە گۆرانییەکان.

**مەترسی لە کوێدایە؟**
ئەمڕۆکە چەندین زاراوەی کوردی هەیە مەترسیی ئەوەیان لێ دەکرێت کە لە داهاتوودا لەناو بچن، یەکێک لەو زاراوانەی کە مەترسییەکی زۆری لەسەرە، ئەو زاراوەیەیە برا فەیلییەکانمان (لێرەدا مەبەستمان تەنیا فیلییەکانی عێراقە) قسەی پێ دەکەن، کە ئەویش زاراوەی فەیلییە و لە کۆمەڵەی زاراوە لوڕییەکانە، مەترسی و هۆیەکانی لەناوچوونی ئەم زاراوەیە ئەمانەن:

1. زۆربەی فیلییەکان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەژین و ئەمەش دەبێتە هۆی تێکەڵبوونیان لەگەڵ عەرەبدا، بەو هۆیەوە زمان و کولتووره کوردییەکەیان دوچاری مەترسیی تەنگ پێ هەڵچنین و کاریگەریی زمان و کولتووری عەرەب دەبێت، ئەمیش لەبەر ئەوەی زمانی خوێندنگە عەرەبییە، زمانی بازار عەرەبییە، زمان ڕاگەیاندن و دامودەزگا دەوڵەتییەکان هەر عەرەبییە، هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی ئەوەی قسەکەرانی ئەم زاراوەیە گرنگییەکی ئەوتۆ بە زاراوەکەی خۆیان نەدەن و نەختە نەختە بکەونە ژێر فشاری زمانی دەسەلات و دەوڵەتەوە.

2. بەندیواری مەزهەبی ئەمان لەگەڵ بەندیواری مەزهەبیی زۆرینەی کورد جیاوازە، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپ دەکاتە سەر بەندیواری نەتەوەیی، لاوازبوونی هەستی نەتەوەییش دەبێتە هۆی گوێنەدان بە زمانی نەتەوە.

3. مەترسیی وازهێنان لە زاراوەی فەیلی دژوارترە لە وازهێنان لە زاراوەیەکی بچووکی دیکە کە لە کوردستان بەکار دەهێنرێت، لە بەر ئەوەی ئەوانەی کوردستان کە واز لە زاراوە بچووکەکەی خۆیان دەهێنن زاراوەیەکی دیکەی کوردی هەڵدەبژێرن، بەڵام هەرچی فەیلییەکانن چونکە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن کە وازیان لە زاراوەی خۆیان هێنا هەنگین بە زمانی عەرەبی قسان دەکەن.

4. برێک لە فەیلییەکان وا هەست دەکەن کە کاربەدەستانی کورد وەک پێویست گرنگییان پێ نادەن، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازیی هەستی نەتەوەیی.

5. شوێنی نیشتەجێبوونیان کە شارە گەورەکانن، بە تایبەتی بەغدا و نەبوونی گوند و لادێ کە بەو زاراوەیە قسان بکەن هۆیەکە بۆ دابڕان و نەبوونی سەرچاوەی بەردەوامیپێدان.

6.هەستی دۆڕاندنی بەندیواری نیشتیمانی، بە هۆی ئەوەوە کە عێراق وەک هاوواڵاتییەک قبووڵیان ناکات، بەڵکوو وەک ئێرانییەک تەماشایان دەکات بۆیە وڵاتبەدریان دەکات، هەرچی ئێرانە ئەویش وەک هاووڵاتییەکی خۆی قبووڵیان ناکات و بە چاوی عێراقی تەماشایان دەکات، ئەمە دەبێتە هۆی جێگیرنەبوون و کەوتنە ژێر پاڵەپەستۆی زمانە بێگانەکانەوە و لە دواییشدا لاوازبوونی زمانی زکماک.

7. کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆریان بۆ وڵاتانی جیهان بە هۆی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و مەزهەبی. ئەمڕۆکە کوردە فەیلییەکان بە تەواوی دونیادا بڵاوبوونەتەوە هەر لە ئوستراليا‌وە بیگرە تا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ئەوروپا بووەتە بنکەی سەرەکییان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵانیان بکەونە ژێر کاریگەریی زمان و کولتووری ئەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین و لاوازبوونی زمانی زکماک کە مەزنە دەکرێت دوای دوو نەوە ئێتر قسەی پێ نەکرێت.

8. هەستی نائومێدی کە لەلای زۆربەیان دروست بووە، ئەویش بە هۆی ئەوەوە کە کاربەدەستان و دامودازگا کوردییەکان بەڵێنەکانی خۆیان کە بە مەبەستی چاککردنی باری ئەمان دابوویان جێبەجێی ناکەن.

9. بایەخنەدانی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنە کوردییەکان بەم زاراوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی هەستی گوێپێنەدان و پشتگوێخستنیان لە لا دروست بێت، بە تایبەتی بەرامبەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

10. نەبوونی گۆڤار و کتێب و چیرۆکی منداڵان و تەنانەت گوتاریش بەم زاراوەیە مەترسییەکی دیکەیە بۆ لەناوچوون و فەوتانی، ئەگینا ئەگەر هەبوونایە کەسایەتی نەتەوەیی ئەمانی بەهێز دەکرد و باوەڕیان بە خۆیان پتەوتر دەبوو، ئەمەش دەبووە هۆی پابەندبوونیان بە زاراوەکەیان.

بڕێک لەو خاڵانەی باسمان کردن دەکرێت جێبەجێ بکرێن، ئەگەر کران ئەوە هەندێک لەو مەترسییانە نامێنن، ڕەنگە بەگەڕخستن و پیادەکردنی ئامۆژگاری و بڕیارەکانی کۆنگرەی کوردە فەیلییەکان کە لە ژێر چاودێریی سەرۆکی هەرێم کاک مەسعود بارزانی لە هەولێری پایتەخت بەسترا هەنگاوێکی چاک بێت بۆ ئەم مەبەستە.

----------------------------------------

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

* لەو ماوەیەی دواییدا چەند گوتارێکم بە زمانی عەرەبی دەربارەی زمانی کوردی نووسی، بۆ ئەوەی خوێنەرە کوردەکان بە نووسینی گوتارۆکە چەواشە نەکرێن و چونکە تاقەتی وەڵامدانەوەی هەر نووسینێکم نییە وام بە چاک زانی دەقی نووسینەکانی خۆم بکەمە کوردی و ڕێگا لە بە هەڵەتێگەیشتن و بە هەڵەتێگەیاندن بگرم. ئەم گوتارەی بەردەستان بە تایبەت بۆ مەلەفێکی عەرەبی نووسرا بوو دەربارەی برا فەیلییەکان. ئەمەش بەستەری مەلەفەکەیە:

http://www.kurdistan-times.com/wesima_articles/index-20060820-6442.html


1. فیری، زمانی دانیشتووانی دوڕگەکانی (فیر)ە، کە دەکەوێتە نێوان نەرویژ و ئایسلەنداوە. زمانی فەرمی ئەم دوڕگانە فیری و دانمارکییە، ژمارەی دانیشتووانی: 48344 کەسە، تەماشای ئەم بەستەرە بکە بە زمانی سوێدی:

http://sv.wikipedia.org/wiki/F%C3%A4r%C3%B6arna

2. Språk, vad är det, Millan Bily & Gertrud Malmberg, Almqvist & Wiksell, Printed in Sweden by Gummessons tryckeri, Falköping 1996, sidan 19

3. تاریخ کرد و کردستان و توابع (بە زمانی فارسی) لاپەڕە41، نووسینی ئایەتوڵڵا شێخ مەحەمەد مردوخی کوردستانی، بەشی 1 و2، بڵاوکراوەی کتابفرۆشیی غەریقی ـ سنە

4. لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، لاپەڕە 87 ، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەغدا 1984، المؤسسة العراقية للدعاية و الطباعة